پێنجشەممە 120 ملیار دینار لە داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی حوزەیران دەختە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی عێراق



پشتیوانی هەوارمانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، سبەی پێنجشەممە، 120 ملیار دینار لە داهاتی نانەوتی بۆ مانگی حوزەیران دەختە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی عێراق و جەختیش دەکاتەوە کە کێشە بۆ ناردنی موچەی مانگی حوزەیران دروست ناکات.

پشتیوانی هەوارمانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێم بۆ میدیای پارتی وت، سبەی پێنجشەممە، 120 ملیار دیناری داهاتی نانەوتی بۆ مانگی حوزەیران دەختە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی عێراق لە لقی هەولێر بانکی ناوەندی.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا هیچ بڕبەستێک بۆ ناردنی موچەی مانگی حوزەیران فەرمانبەرانی هەرێم دروست ناکات، پشتیوانی هەوارمانی وتی، لە ئێنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری ناردنی موچەی مانگی حوزەیران دراوە و ناکرێت هیچ ئاستەنگێک بۆ ناردنی دروست بکرێت و وەزیرێک ناتوانێت پێچەوانەی بڕیاری ئێنجومەنی وەزیران کاربکات، بۆیە هیچ کێشەیەکی بۆ دروست ناکات.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ئەمڕۆ چوارشەممە، لە کۆبونەوەی خێیدا، وەزیری دارایی و ئابووری ڕاسپارد کە بڕی زوترین کات، بڕی 120 ملیار دیناری دیکە، وەک بڕشی گەنجینەی فیدڕاڵی بە مانگی تەموزی ساڵی 2025 بخرێنە سەر ئەژماری وەزارەتی دارایی فیدڕاڵ.